جۆرەکانی ترسان

ترسی شیرک و ترسی حەرام و ترسی
حەڵاڵ و ترسی واجب

نووسەر:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناونیشانی نامیلکە

جۆرەکانی ترسان

ترسی شیرك و ترسی حەرام و ترسی حەڵاڵ و ترسی واجب

نووسراوی

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی

سەرخەری دەوڵەتی ئیسلامی

١٤٤٧ هیجری

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

جۆرەکـانی ترسـان :

یـەکەم/ ترسـان لەئاگر لەخنکان لەمار ودووپشـک ودڕندە و ئازار وئەشکەنجەی مرۆڤە ستەمکار وتاوانبارەکـارەن ئەم جۆرە ترسە پێی ئەوترێ ترسی طبیعی چونکـە هۆی ترسەکە زانراوە ومعلوم ـە.

ئەم جۆرە ترسە جائیزە چونکە الله مرۆڤی وادروست کردووە لەئاگر ئەترسێ لەشێر ئەترسێ لەدڕندە ئەترسێ لە کوشتن ئەترسێ لە ئەشکەنجەی لاشەی خۆی ئەترسێت چونکە ئەوشتانە توانایان هەیە ئەشکەنجە وئازاری ئەوکەسە بەن وئازاری بەجەستەی بگەیەنن.

وەک الله تعالی لەبارەی موسا علیه السلام ئەفەرموێت : ﴿ فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفًا يَتَرَقَّبُ ۖ قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾

واتا : ئەوجا موسا دەست بەجێ بە ترسەوە لە شار دەرچوو، چاوەڕوانیش بوو کە شتێ ڕوووبدات بۆیە بەنیگەرانی هەر بەولاو بەولای خۆیدا دەیڕوانی وتی: پەروەردگاری من لەو خەڵکە ستەمکارانە ڕزگارم کە.

وە هەرلەبارەی موساوە ئەفەرموێت : ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴾

واتا : موسا وتی: پەروەردگاری من! تۆ دەفەرمووی برۆ بۆ لایان و لە هەمان کاتدا خۆیشت چاک دەزانیت کە من پیاوێکم لێ کوشتوون، بێگومان ئەو ڕقەیان هەر لە دڵایەو ئەتـرسم بمکوژن.

دووەم/ ترسـان ـی عەقیدەی [یان ترسانی نهێنی].
وەک ئەوەی لەناو ماڵی خۆتی بەنهێنی لە بتێ بترسیت توشی زیانت بکات یان لەشتێ بترسیت کەهیچ هۆکارێکی دیارنەبێت بۆترسان لێی ئەمە شیرکە وکوفرە چونکە لەشتێ ترساوی کەهۆکاری ترسەکە نادیارە وطبیعی نیە یانیش بترسیت لەوەی طاغوتێ ڕزقت ببڕێت یان توشـی نەخۆشـیت بکات لەترسی زیانی طاغوتەکە ملکەچ وفەرمانبەرداری ببیت ولەدڵەوە لێی بترسیت ئەمە شیرکـە چوونکە ترست لەشتێکە کە الله تواناى بەسەریدا هەیە ولەدەسەڵاتی مخلوقات نیـە.

قال تعالى : ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾

واتا : شەیتانەو دەیەوێ ئێوە بەهاو دۆستانی خۆی بترسێنێت، جا ئەگەر باوەڕدارن، لەوان مەترسن ، لەخۆم بترسن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

سێهەم/ ترسان لەجن.
تەفصیل ـی تێدایە :
— ئەگەر ترسەکە ترسێکی طبیعی بێت وەک چۆن مرۆڤ لەمار ودووپشک ئەترسێت خۆی ئەپارێزێت لێیان تاپێوەی نەدەن.
— ئەگەر ترسەکەشی لەجن ترسان بێت لەزیانیان وەخۆی بپارێزێ لێیان بەقورئان وبەزیکرەکان وبەپشت بەستن بە الله ئەوا ئەم ترسە ترسێکی طبیعی یـە وجائیزە.

— بەڵام ئەگەر بەجۆرێ لەجن بترسێ وابزانێ جن زیان وقازانجی بەدەستە

وئەتوانن بێ ویستی الله زیانت پێ بگەیەنن ئەوا ترسەکەی ئەبێت بەشیرک چونکە بەجۆرێ ترساوە لەجن گەشتۆتە ئەوەی بڕوای وابێت جن خۆیان دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە وئەتوانن بێ ئیزن و بێ ویستی الله زیان بگەیەنن بۆیە ئەمە شیرکی اعتقادیە وپێی کافرئەبێت.

قال الله تعالى : ﴿ وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴾ [الجن : ٦]

واتا : بێگومان پیاو گەلێک لە ئادەمیی پەنایان دەبرد بۆ پیاوانی جنۆکە تا لەو شتانەی کە مەترسییان هەبوو بیانپارێزن.؟! جا جینیەکانیش ئەوەیان قۆزتەوەو زیاتر گومڕاوو سەر لێشێواوو ماندوویان ئەکردن.

واتا هێندە لەجن ئەترسان پەنای بۆخودی جنۆکەکە ئەبرد تالەشەڕی پارێزراوبن کەواتا هەرکات ترسانت لەجن یان لەشتی نادیار بگاتە ئەوەی بڕوات وابێت سود وقازانجت پێ ئەگەیەنن بەبێ ویستی الله یان پەنابەریتە بەرغەیری الله بۆخۆپاراستن لەشەڕیان ئەمە شیرکی ترسانە چونکە ترسەکەت توشی بیروباوەڕێکی کوفری کردووی.

ترسان لەڕۆشتنە ئەو شوێنانەی کەخەڵک تێیدا ناژێت، ئەگەر ترسەکە ترسی طبیعی بێت وەک بترسیت لەوەی دووپشک وماریپێتەوەبات یان بترسی لەوەی جنەکان بەویستی الله زیانت پێ بگەیەنن چونکە جن ئەوشوێنانە ئەکەن بەماڵ بۆخۆیان جا ئەم جۆرە ترسە لەنەڕۆشتن بۆئەوشوێنانە جائیزە وترسی طبیعی یە.

قال تعالى : ﴿ وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ﴾ [البقرة : ١٠٢]
واتا : بە بڕیاری الله نەبووبا ئەو جادووگەرانە توانایان نەبوو زیانێک بەهیچ کەسێ بگەیەنن.

کەواتا الله تعالى اثبات ی ئەوەی کردووە زیانبەخشن بەڵام بەویستی الله کەواتا ترسان لەزیانەکانیان کەئەگەر الله ویستی لێ بێت ئەتوانن زیانت پێ بگەینن ئەم جۆرە ترسە طبیعی یە چونکە هۆکارەکەی دیارە بۆیە ئەبێت بۆخۆپاراستن داوا لە الله بکەیت لەزیانیان بتپارێزێ چونکە بێ ویستی الله ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن.

چوارەم/ ترسان لەهێزی کافران بۆ وازهێنان لەجیهاد ودەرنەچون بۆجیهاد ترسێکی حەرامە وخاوەنەکەی تاوانبارە.
قال الله تعالى : ﴿ أَتَخْشَوْنَهُمْ ۚ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾
واتا : ئایا لێیان دەترسن، شەڕیان لەگەڵ ناکەن؟ خوٚ الله شایستە ترە کە لێی بترسن وفەرمانەکەی جێ بەجێ بکەن ئەگەر بەڕاستی باوەڕدارن.

پێنجەم/ ترسان لە الله تەوحید وئیمانە.
قال تعالى : ﴿ ۞ نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ . وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ ﴾
واتا : ئەی موحەممەد - صلی الله علیه وسلم - توٚ بەندەکانم ئاگادار بکە کە بەڕاستیی هەر خۆمم زۆر لێبوردە، زۆریش میهرەبان و سزاشم سزای زۆر بەژان و ئێش پێگەیەنەرەو وێنەی نیە.

هەربۆیە الله لەوەسفی بەندە چاکەکانی خۆی ئەفەرمویت : ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ﴾

واتا : ئاخۆ ئەو کەسەی کە لە ساتەکانی شەوگاردا بە پێوە ڕاوەستاوەو نوێژەکات هەردەم سوژدە دەبا بۆ الله لە سزای پاشە رۆژیش ئەتـرسێ و خۆ دەپارێزێ، وە ئومێدیشی بە بەڕەحمـی پەروەردگاری خۆیەتیی و بەتەمای بەهەشتە،

سەرنج بەن ترسان لەسزای الله و ئومێد بوون بەڕەحمی الله ی بەنیشانەیەکی بەندە چاکەکانی خۆی وەسف کرد، کەواتا ترسان لە الله لەسزای الله تعالی واجبە.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەفەرموێ : « لَوْ يَعْلَمُ المُؤْمِنُ ما عِنْدَ اللهِ مِنَ العُقُوبَةِ، ما طَمِعَ بِجَنَّتِهِ أَحَدٌ، ولو يَعْلَمُ الكَافِرُ ما عِنْدَ اللهِ مِنَ الرَّحْمَةِ، ما قَنَطَ مِن جَنَّتِهِ أَحَدٌ » — مسلم5054

واتا : ئەگـەر باوەڕدار بزانـێت الله تعالی چی تۆڵە و سزایەکی هەیە هەرگیز ئومێدی چونە بەهەشتی نەئەبـوو خۆئەگەر کـافر بزانێت ڕەحم ومیهرەبـانی الله تعالی چەندە زۆر وگەورەیە هیچ کەسـێ بێ ئومێد نەئەبوو لەچونە بەهەشتەکەیەوە.

کەواتـا پێویستە لەتۆڵەوسزا ودەسەڵات وزاتی الله بترسین چونکە الله شدید العقاب ە وە ئومێدیشمان بەڕەحمی الله هەبێت چونکە الله تعالی أرحم الراحمین ە.

والحمدلله رب العالمیـن